# خوێندنەوەیەكی خێرا بۆ عەقڵیەتی سەدامیزم
# لەبەر ڕۆشنایی نامە ماڵئاواییەكەیدا


**محەمەدی مشیر**
Muhammad_mushir@yahoo.com


**لە سێدارەدانی سەدام ڕووداوێكە لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا كەم وێنەیە, لەبەر ئەوەی بە درێژایی ئەو مێژووە, یەكەم: لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921ەوە تا ڕۆژی دەستگیركردنی خودی دیكتاتۆرو دادگاییكردنیو دواتر لە سێدارەدانی, هیچ سەرۆك حوكمەتێك بەم شێوەیە دادگایی نەكراوەو لە دەرەنجامی دادگاییكردنەكەشیدا سزای لە سێدارەدانی بەسەردا نەسەپێنراوە.**

**دووەم: بە درێژایی ئەو مێژووە هەموو ئەوانەی بەر لە سەدام لە عێراقدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەبووە, لەلایەن هێزەكانی ناوخۆی عێراقەوە لەسەر كورسی حوكم لادراون جا چ بە ئەنجامی ڕاپەڕینو شۆڕشی گەلانی عێراق بووبێ یان لە ئەنجامی كودەتای سەربازییەوە, بەڵام سەدام ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزی نێودەوڵەتییەوە لەسەر حوكم لادراو بەو ئاكامە گەیشت.**

**سێیەم: هیچ سەرۆك حكومەتێك بەر لە حوكمی بەعس فریانەكەوتووە نامەی ماڵئاوایی بۆ عێراقییەكان بنووسێ, بەڵام سەدام دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا.**

**بەهەرحاڵ گرنگ خودی نامەكە نییە, بەڵكو گرنگترو سەرنج ڕاكێشتر ئەوەیە كە چی لە نێو ئەو نامەیەدا نووسراوە؟ لەو نامەیەیدا كە ماڵپەڕی بەسرە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە 28/ 12/ 2006 بڵاویكردۆتەوە هاتووە:**

**1-سەدام گەلی فرە ڕەنگی عێراق لە ڕووی تایفەو نەژادەوە هاندەدات كە "ببنە نموونەی خۆشەویستیو لێبوردەییو پێكەوە ژیان" سەیر لەو ڕاسپاردەیەی سەدامی لە سێدارەدراو لەوەدایە كە عێراقییەكان هیچ ڕۆژێ بەر لە حوكمی ڕەشی ئەو نەیانزانیوە تایفەو نەژاد یانی چیو, هیچ كاتێكیش پێشتر وەك سەردەمی حوكمی ئەو خەڵكانی عێراق لەسەر بنەمای مەزهەبو نەژاد ڕقیان (ئەگەر هەشبووبێ) نەگەیشتۆتە ئاستی بیركردنەوەی بەرتەسكی شۆڤێنیستانەو بە پێچەوانەوە زۆر بەڕێزو خۆشەویستیو لێبوردەییو پێكەوە ژیانی ئاشتیانەوە ژیانیان بەسەربردووە, بەڵام سەدام لە هزری نەخۆشیدا لە دوایین ساتەكانی بەر لە مەرگیدا دەیەوێ وانیشان بدات كە ئەو جەنگە تایفەییەی كە ئێستا لە عێراقدا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە هیچ پەیوەندییەكی بە ماوەی حوكمڕانی دیكتاتۆریانەی ئەوەوە نەبووەو بەكن فەیەكونێك دوای ڕووخانی ڕژێمەكەی سەریهەڵداوە، بۆیە بە باشی زانیوە وەك "قائد الامة" پەیامێك بۆ ڕۆڵە خێر لە خۆ نەدیوەكانی عێراق بەجێ بهێڵێتو ئامۆژگارییان بكات بەوەی لەگەڵ یەكدا تەباو لێبوردەبن!**

**2-لە بڕگەیەكی تری نامەكەیدا هاتووە ئامۆژگاری ئەو تیرۆریستانە دەكات كە بە "مجاهدين ومناضلين" ناویان دەباتو دەڵێ :"ڕق هەڵمەگرن, چونكە ڕق دەرفەت بۆ خاوەنەكەی ناهێڵێت تا عادیلانە بیر بكاتەوەو,**

هزرو تێفکرین کوێر دەکات‌و, پەنجەرەکانی بیرکردنەوە دادەخـات.." قـسەکەی زۆر راسـتە، بـەڵام کـورد گوتـەنی قەسدی شەریف نییە, ئەگەرنا دونیـاو قیامـەت دەیزانـێ (رق) یـەکێ لـە بۆمـاوە هـەرە شـوومەکانی رژێمـە شۆڤێنیستەکەی ئەوە کـە بـۆ عێراقییـەکان ماوەتـەوەو ئێـستاکە وەك دەرەنجامێـك بـارودۆخی عێـراق‌و ژیـانی عێراقییەکانی کردۆتە دۆزەخ.

3-لە دوایین بڕگەکانی نامەکەیدا سەدام داوا لە گەلی عێراق دەکات کـە "رقیـان لـە گـەلانی ئـەو دەوڵەتانـە نەبێتەوە کە دەستدرێژییان کردۆتە سەر عێراق‌و, جیاوازی بکەن لە نێوان کەسانی بڕیاردەرو گەلانیان.. ).

یەکێ نەزانێ باوەڕ بەوە دەکات کە ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەسـتدرێژی کردۆتـە سـەر عێـراق‌و رژێمەکـەی سەدام ،کە نیازی بوو دوای رووخانی رژێمی شاهەنشاهی لە ئێران ببێتە "پۆلیـسی ناوچـەکە"، هـیچ تـاوانێکی لەم جەنگە درێژخایەنەدا نەبووە، کە جگـە لـە مـاڵوێرانی‌و کارەسـاتی مرۆیـی‌و هیـچی تـری پـێ نـەبوو بـۆ عێراقییەکان‌و تا ئێستاش عێراقییەکان باجی ئەو جەنگەو, جەنگی داگیرکردنی (کوێت) دەدەنـەوە کـە عێـراق وعێراقییانی گەیاندە ئەو دۆخە ئاڵۆزو دۆزەخاوییەی ئێستاکەی.

سەدام دەیەوێ پەرێزی ناپاکی خۆی‌و رژێمەکەی بەوە پاکبکاتەوە کە گوایە ئەو هیچ رقێکی لـە گـەلانی ئێـران‌و گەلی کوێت نەبووەو هۆکاری هەڵگیرساندنی هەردوو جەنگیشی لـە رقـی سـەران و بڕیـار بـە دەسـتدانی ئـەو دەوڵەتانە بووە بۆیە بە ئێرانییەکانی دەگـوت "مەجوسـی‌و کیـسراییەکان"و "کوێـت"یـشی لـە خۆشەویـستی خەڵکەکەی کردە پارێزگاری ژمارە (19)ی عێراق تا لـە نـازو نیعمـەتی "القائد الاوحد" بێبـەش‌و مـەحروم نەبن!!.